کوردستان... حکومەت زەوی بەسەر وەزارەتکدا دابەشدەکات

وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند ، حکومەتی هەرێم فەرمانی پێدانی زەوی بە ژمارەیەکی دیکە لە ئەفسەر و پلەدارانی وەزارەتی پێشمەرگە دەرچوو.

ئەمەش شەممە ، وەزارەتی پێشمەرگە راگەیەندراوەکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، دوا بەدوای گەڕانەوەی وەجبەی یەکەمی پێدانی زەوی بە ئەفسەران و پلەدارانی وەزارەتی پێشمەرگە، لە سەرکایەتیی ئینجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزامەندی بە پێدانی زەوی بە ٩ هەزار و ٥٧٩ ئەفسەر و پلەداری لیوا و یەکەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە وەرگیراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە.

بەپێی راگەیەندراوەکە هەر یەکە لە ئومرەی ئیدارەی ئەفسەران ١٣١ کەس، لیوای دووی پیادە ٧٠٨ کەس، لیوای چواری پیادە هەزار و ٤٠٠ کەس، لیوای ٧ـی پیادە هەزارو ٦٧٢ کەس، لیوای ١١ـی پیادە هەزار و ٦٧١ کەس، لیوای ١٢ـی پیادە هەزار و ٦٢٢ کەس، لیوای ١٧ـی پیادە هەزار و ١٩ کەس، لیوای ١٨ـی پیادە هەزار و ٤١٠ کەس

هەر لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، کە گشتی ٩ هەزار و ٥٧٩ کەس لەم وەجبەیە سوودمەند دەبن و پێسکە بردەوامدبێت و داوا لە هەموو ئەو هەز و یەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین پێلە بکەن لە رەکخستن و بە داتاکردنی فەرمکانیان و بەکوپکی ناردنیان بە لیژنەی زەویی وەزارەتمان و هاوکار بن لە جێبەجێکردنی ئەو رێنماییانەی بیان نێردراوە بە ئەوەی زەرترین پێشمەرگە سوودمەندبێت لەم پێسەیە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.